سوپای تورکیا ئامادە دەکرێت بۆ ئۆپەراسیۆنێکی گشتگیر دژی پەکەکە لە خاکی هەرێمی کوردستان

ڕۆژنامەی یەنی شەفەقی تورکی کە نزیکە لە پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکەپە) ڕایگەیاند، سوپای تورکیا ئۆپەراسیۆنێکی گشتگیر لە دژی ئەندامانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە خاکی هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدات.

بەگوێرەی ڕۆژنامەکە، "ئەندامانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە فڕۆکەخانەی سلێمانی مەشقیان پێدەکرێت، کە ئاماژە بەگۆڕینی فڕۆکەخانەی سلێمانی دەکات بۆ بنکەیەکی لۆجستی بۆ پەکەکە دەکات"، بەوهۆیەوە سوپای تورکیا خۆی ئامادەکردووە بۆ ئەوەی کاروانەکانی چەک و کەلوپەل کە لە ڕێ سلێمانیەوە بەرەو شوێنەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان دەچێت بکاتە ئامانج.

ڕۆژنامەکە ئاماژەی بەوەشکردووە، ئەو بارانی نێردراون بۆ پەکەکە دوای ئەوەی بە هێزەکانی تورکیا پشتڕاستکرایەوە کە فڕۆکەیەکی مەدەنی بە چەک و تەقەمەنییەوە لە فڕۆکەخانەی سلێمانی دەنیشتەوە دوای ئەو چەک و تەقەمەنییە بۆ بارەگاکانی پەکەکە دەڕۆیشت و تورکیا بە بەردەوامی بێ هەڵوێست نابێت سەبارەت بەو پشتگیریانەی کە بۆ ڕێکخراوەی پەکەکە دەنێردرێت و لەلایەن فەرماندەی باڵای تورکیا فەرمان کراوە کە هەر بارێک لە فڕۆکەخانەی سلێمانی بۆ پەکەکە بنێردرێت بە ئامانج بگیرێت.

شایەنی باسە، پێشتر تورکیا نیگەرانی خۆی دەربڕی سەبارەت بە پەیوەندییەکانی یەکێتی لەگەڵ پەکەکە و

بەکارھێنانی فڕۆکەخانەی سلێمانی لەلایەن پەکەکەوە، بەرپرسانی تورکیا داوایان لە جێگری سەرۆکی حکومەتی ھەرێمی کوردستان قوباد تاڵەبانی و بافڵ تاڵەبانی سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کرد کە کۆنترۆڵی فڕۆکەخانەی سلێمانی بکەن، بەڵام بەگوێرەی لێدوانەکانی تورکیا، یەکێتیی ئەو داوایانەی پشتگوێخست و لە ئەنجامدا ئەنقەرە قەدەغەی گەشتە ئاسمانییەکانی بۆ فڕۆکەخانەی سلێمانی و لە فڕۆکەخانەی سلێمانی بۆ شەش مانگی دیکە درێژکردەوە (تا کانونی یەکەمی ئەمساڵ).